# ئاوڕدانەوەیەک لە باوانە کێوییەکانمان

لەوڕۆژەوەی پێمان خستۆتەسەر پشتی ئەم زەوییە کۆنە ، هەر لە گەڕان و خولانەوەداین بە دەوری نادیاری، مرۆڤە سەرەتاییەکان هیچیان نەدەزانی ، باو و باپیرانی ئێمە هێندە لە ئاژەڵێک بەرزتر نەبون لە هەرەمی خۆراکی ، ئەوان نە قسەیان دەزانی و نە جلیان لەبەردابو ، نە دەیانتوانی بنوسن و هەرگیز خواردنی چەور و بەلەزەتیشیان نەچەشتوە .

باوانی ئێمە لە پێناوی مانەوەیان شەڕی هەمو گەردونیان کرد ، شەڕی خۆپاراستن لە سەرما ، باران ، زریان ، ئاگری گەورەی دارستان ، ئاژەڵی دڕندە و زەبەلاح ، نەخۆشی و پەتای جۆربەجۆر ....
سەرەنجام باوانمان بەسەر هەمو سەختییەکان سەرکەوتن و توانیان تۆوی مرۆڤایەتی لە لەناوچون ڕزگاربکەن .

سەرچاوەکان پێمان دەڵێن کە هەندێک خزمیشمان هەبوە بەڵام ئەوان وەک باوانی ئێمە ئازا نەبون بۆیە لەناوچون ، جاروبار لە کونە ئەشکەوتێک یا لە ژێر دەریا و قوژبنێک ئێسک و پروسکیان دەدۆزرێتەوە و پیشانی دەدات کە بەڵێ ئەوان مرۆڤ بون ، خزمی ئێمەش بون بەڵام لەناوچون چونکە نەیانتوانی لەگەڵ ڕەوڕەوەی سەختی ڕۆژگار ڕێبکەن .

ئێمەی ژیر بە هەمو پێوانەیەک باشترین و بەهێزترین و جوانترین توخمی مرۆڤەکانین کە بە زیندویی ماوینەتەوە ، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە خودا کردوینی بە جێنشینی خۆی و کاری ئاوەدانکردنەوەی زەویی بە ئێمە بەخشیوە ، بەڵام ئایا ئێمە خەریکین ئاوەدانی دەکەینەوە یا وێرانی دەکەین ؟

مرۆڤایەتی تا گەیشتۆتە ئەمڕۆ ملیۆنەها داهێنانی کردوە ، بۆ دابینکردنی پێویستی و فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی ، بەڵام ئایا هێشتا گەیشتوینەتە لوتکە ؟ یا وردتر بڵێین ئایا مرۆڤایەتی وەک پێویست مرۆڤانە ڕەفتار دەکات ؟

داهێنانەکانی مرۆڤ سەرەتا لەپێناو پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی خۆی بوە ، کاتێک پێداویستییەکانیش فەراهەم بون بیر لە خۆشگوزەرانی کراوەتەوە ، بۆنمونە سەرتا باوانمان ئاژەڵیان ڕاوکردوە و هەر لەوێ بەبێ کوڵاندن و پاککردنەوە خواردویانە ، پاشان بە داهێنانی ئاگر فێری چەندین جۆری کوڵاندن و برژاندن بون. سەرەتا تەنها پڕکردنی گەدە گرنگ بو ، پاشان کەس قایل نەبو بەبێ پاککردنەوە و کوڵاندن گۆشت یا خواردن بخوات! دیارە هەنگاوەکان بەرەو پێشەوەن ، نەک بەرەو دواوە .

ئەگەر سەرنجێکی دەوروبەری خۆمان بدەین ڕەنگە زۆر شانازی بەم هەمو پێشکەوتنەوە بکەین کە بەدەستمان هێناوە ، لە مرۆڤێکی ڕوت و بێ ماڵ و سەرگەردان بوین بە خاوەن ماڵی ڕازاوە و ئۆتۆمبێلی خێرا و خواردنی جوراوجۆر ، بەڵام بێنەبەرچاوت لە دەشتێکی چۆڵ و دابڕاو گیربخۆیت و لە ئاوەدانی داببڕێیت ، لەو باوەڕەی بتوانی چەند ڕۆژ بە زیندویی بمێنێیتەوە ؟

باوانی ئێمە ئاژەڵی گەورە و دڕندە و ترسناکیان ڕاوکردوە بەبێ چەک کەرەستەی ڕاو ، جاری وا هەبوە چەندین کاتژمێر ڕایانکردوە بەدوای ئاژەڵێک و پاشان نەیانتوانیوە ڕاوی بکەن ، یا دوای مادوبونێکی زۆر و شەڕێکی ترسناک ڕاویان کردوە ،کەجاری وا هەبوە بە مردن یا بریندداربونی کۆمەڵێک کۆتایی هاتوە ، ئایا تۆ دەتوانی ٣ کاتژمێر بەدوای پاروێک ناندا ڕابکەیت؟ لەبیرت بێ هەژارێک ڕۆژانە ٨ کاتژمێر بەدوای پاروەنانێکەوە ڕادەکات ،ئەگەر دەستیشێ بکەوێت ، زۆرێکیش لە ئێمە دکتۆر بۆی نوسیوە ڕۆژانە یەک کاتژمێر بە پێ بڕوات چونکە زۆری خواردوە !

زۆرجار باوانی خۆمان بە کێوی و بەربەری و دڕندە ناودەبەین و خۆشمان بە پێشکەوتو ، ئەوان ئاژەڵیان ڕاوکردوە تا لەبرسا نەمرن کەچی ئێمە لەسەر تێری ئاژەڵی جوان و بێتاوان ڕاودەکەین هەر بۆ خۆشی ! ئێستا ڕونە کێ بەربەرییە و کێ پێشکەوتو؟

ئێمە هێندە سەرسام بوین بە ئامێرەکانمان مرۆڤبونمان بیرچۆتەوە ، هێندە سەرسام بوین بە یاری ژیانمان بیرچۆتەوە ، ساڵانە بایی دەیان ملیار دۆلار خواردن فڕێدەدەین و لەولاشەوە ڕۆژانە دەیان کەس لە برسا دەمرن !

ئامادەین سەدان ملیار دۆلار لە ئاهەنگ و گۆرانی و تۆپێن خەرج بکەین لەکاتێکدا کەمتر لەو بڕە پارەیە کۆتای بە هەژاری دێنێ لە کیشوەرێکی تەواو.

بەپێی نوێترین ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ئۆکسفام هەر ٤٨ چرکەیەک منداڵێک لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا لە برسان دەمرێ ! واتە تا ئەم نوسینە دەخوێنیتەوە لانیکەم ٥ منداڵ لە برسا مردون !

باوانی ئێمە هیچ شتێک موڵکی خۆیان نەبوە نەشیان هێشتوە کەسیان لە برسا بمرێ ، بەڵام ئێمە کە خۆمان بە مرۆڤی ژیر و هۆشیار دەزانین خەڵکی دەکوژین لە پێناو خۆشگوزەرانیی خۆمان و هەرچەند ماڵ و سامان و موڵکمان هەبێ هەر داوای زیاتر دەکەین ! ئەرێ بەڕاست کێ بەربەری و دڕندەیە ؟

لە بواری مەعریفەشدا ئەوەی باوانی ئێمە بەدەستیان هێناوە بەگوێرەی سەردەمی خۆیان زۆر زیاتر بوە لەوەی ئەمڕۆ ئێمە بەدەستی دێنین ، چونکە لەبیرمان نەچێت ئەو خەرمانە مەعریفییەی کە هەیە

بەرهەمی دەیان هەزار ساڵە ، تاکی ئێستا هێند بەخۆی سەرسامە وادەزانێ هەمو وەڵامەکانی لایە ، لەکاتێکدا یەکێک لە کوشندەترین دەردەکانی مەعریفە دڵنیاییە ، دڵنیابون لەوەی کە دەیزانین یا لەوەی کە وادەزانین کە دەیزانین ، لە کاتێکدا گومانکردن و گەڕان و پشکنین کلیلی دۆزینەوەی مەعریفەن نەک دڵنیایی.

هەرچەند زیاتر گومان بکەین و قوڵ بینەوە زیاتر لە ڕاستییەکان نزیک دەبینەوە ، هەرچەند دڵنیاتریش لەخۆمان بڕوانین هێندە نەزان وماڵوێرانتر دەبین.

ئێمە تا ئێستاش بەو کەسە دەڵێین زیرەک کە داتای زۆری لە مێشکیدا هەڵگرتوە ، لەکاتێکدا ئەوە زیرەکی نییە بەڵکو بە ڕۆبۆتکردنی مرۆڤە ، تاقیکردنەوەکانیشمان تاقیکردنەوەی توانای لەبەرکردنن نەک هەڵسەنگاندنی ژیری و مەعریفە ، زانیاری سودی نییە گەر نەبێتە زانست ، زانستیش گەر نەبێتە مەعریفە سودی نییە ، مەعریفەش دەبێ ببێتە حیکمەت و دانایی ئینجا دەبێتە مادەیەکی بەکەڵک بۆ بەکارهێنان.

تاکی ئەمڕۆ بە تایبەت تاکی ڕۆژهەڵاتی کەوتۆتە ناو گێژاوێکی سەیری سەرلێشێوان ، لە دواوەی هەمو میللەتانی جیهانە کەچی خۆی بە پێشەنگ و سەرکەوتو دێتەبەرچاو ، زۆر دڵنیایە لەوەی کە دەیزانی ، نازانی ئەوەی کە دەیزانێ دڵۆپێکیش نییە لە دەریایەک ، سەیر لەوەدایە کە قورئانی پیرۆز لە ڕۆژهەڵات دابەزیوە و یەکەم ئایەتیشی داوای خوێندن و زانست دەکات ، کەچی دورترین کەس لە خوێندن و زانست تاکەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتن ! هەروەک چۆن لە وانەی مرۆڤایەتی دەرنەچون، لە پەیامەکانی خوداش تێنەگەیشتن و سەریان لە زۆر میللەتی تریش شێواند.

ئەگەر بە وردی سەرنجی بار و گوزەرانی خۆمان بدەین دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ئێمە کێوی و بەربەرین و باوانە ڕوتوڕەجاڵەکانیشمان شارستان ! ئاخر ئەوان لەسەر ماڵ و زەوی و سەرکردایەتیکردنی خەڵک یەکتریان قەلاچۆ نەکردوە ، ئەوان بەناوی خودا و پیرۆزییەکان خەڵکیان نەکردۆتە کۆیلە و خۆشیان بە نوێنەری خودا ، ئەوان نەبون بە جەنگاوەری خودا و خەڵکی بکوژن و ماڵیان تالان بکەن ، ئەوان زۆر لە ئێمە پاکتر و بەویژدانتر و پێشکەوتوتر بون .

نیکۆلا تێسلا دەڵێ " دەتوانین بڵاوبونەوەی شارستانییەت بە ئاگر بچوێنین ، سەرەتا پڕیشکێکی بچوکە ، پاشان بڵێسە و دواتر ئاگرێکی گەورە تا دێت هێز و خێرایی زیاد دەبێت "

تێسلا لەیادی چو بڵێ ، خێرایی و هێزی ئاگری شارستانییەت زۆرێک لە جوانییەکانی ژیان دەسوتێنێ ، ئەوەتا ئێمە ئێستا لەوپەڕی پێشکەوتنداین بەڵام تاکەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەمناک و ماندوترن ، هەمیشە ئاوات بە ژیانە سادەکەی ڕابردو دەخوازن...

ئێمە بەم هەمو پێشکەوتن و تەکنۆلۆجیا و ناونیشانە قەبە و گەورانەی خۆمان خەریکین ئاسمانەکان دەبڕین ، چوینە نێو قوڵایی دەریاکان ، ناخی زەویمان دەرهێنا و خەریکە هەمو گەردون داگیردەکەین ، بەڵام هێشتا ماومانە فێربین وەک مرۆڤ بە ئاسودەیی لەسەر ڕوی زەوی ژیان بکەین.